کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-6-2007 22:51

# سالار عەزیزیش.... ریفۆرمە!!!؟؟؟ هەڵۆ کوردی

دنیایەکی سەیرە گوڵم، لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی کاک نەوشیروان هەمومان بیستمان کە کاک نەوشیروان بەیارمەتی ریفۆرم خوازەکانی ناو یەکێتی، کۆمپانیایەکی گەورە بۆ کاری راگەیاندن بەناوی (وشە) دادەمەزرێنێت. لەیەکەم هەنگاویشیاندا پێگەی ئینتەرنێتی سبەی کەوتەکار. بەرامبەر بەمانیش دژە ریفۆرمەکانی ناو یەکێتی کەوتنە باسکردنی ئەوانەی شوێن کاک نەوشیروان کەوتون و دەیانەوێت لەناو یەکێتیدا ریفۆرم بکەن، بە پلەی یەکەمیش باس لە گەندەڵیەکانی دانای ئەحمەد مەجید و شەماڵی عەبدول وەفاو... هتد دەکرا. چەند رۆژێك لەمەوبەر سەردانێکی پێگەی (سبەی) م کرد، وتارێك بەناوی سالار عەزیز بەوێنەی خۆیەوە بڵاوکراوەتەوە (وێنەی



خۆشی دانا بو نەك بڵێن ئەو نیە)، بەر لەخوێندنەوەی وتارەکە تۆزێك رامام و بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی ئەوانەی باس لە ریفۆرم وریفۆرمخوازی دەکەن لەهەرە گەندەڵەکانی ناو یەکێتین، دیسان لەخۆمم دەپرسی باشە کاك نەوشیروان ئومێدی چی بەم جۆرە کەسانەیەو چاوەڕوانی چییان لێدەکات؟
بەهەرحاڵ وتارەکەی سالار عەزیزم خوێندەوەو زۆر سەرم سورما و چەند شتێکم بیرکەوتەوە دەمەوێت لێرەدا بەکورتی باسیان بکەم. لە دوای پێشەکی وتارەکە رەخنەی توند لە (پ د ك) و (ی ن ك) دەگرێت و یەکەم جاریشە ئاوا بەرەسمی و بەئاشکرا هەڵوێست و بۆچونی خۆی رابگەیەنێت و رەخنە ئاراستەی سیاسەت و رەفتاری ئەو دوحیزبە بکات ودژی شەری ناوخۆ قسە بکات کەخۆی یەکێك بو لەقارەمانەکانی ئەو شەرە نەگریسە، لە وتارەکەیدا دەڵێت: بەداخەوە سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە نەیانتوانی ئەم پەیوەندییە بە قازانجی گەلەکەمان بەکاربهێنن لە جیاتی بیرکردنەوە لەبەرژەوەندییەکانی نیشتمان، کە خۆی لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی و هەبوونی پارلەمانێکی راستەقینە و چەسپاندنی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسا و دووركەوتنەوە لە عەقڵییەتی حکومەتی حزب و میلیشیا...
دەمەوێت لە سالار عەزیز بپرسم تۆ لەکەی و لە چ کاتێکدا بڕوات بە دیموکراسی هەبووە؟ گەر بڕوات پێیەتی بۆچی دوای 31 ی ئاب بەفەرمانی تۆ پاسەوانەکانت چونە سەر ماڵێك و تەعەدایان لێکردو پێیان وتبون بەفەرمانی کاك سالار دەبێت شار بەدەر بکرێن، ماڵەکەش دەڵێن بەکاك سالار بڵێن ئێمە چەکدارمان نیەو بەشداری شەڕیشمان نەکردوە ئیتر بۆ وامان لێدەکەن، کەچی تۆ وەڵامیان دەدەیتەوە دەڵێی: من براکەم پارتیە بەشوێنیدا دەگەڕێم بیگرم، براکەشت هەتا ئێستا پارتیەو کەسیش لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتوە.
دواتر باس لە پەرلەمانی راستەقینە دەکەیت، ئەی باشە ئەو چەند ساڵەی خۆت ئەندامی بویت بۆ فەرمایشتێکی وات نەفەرمو، بۆ لە هەڵوێستێکی نیشتیمانیدا دەستت لەکارنەکێشایەوەو وتارێکی وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمەی ئێستا بنوسیت و بەخەڵك بڵێی ئەم پەرلەمانە درۆیەوحیزبیەو هی میللەت نیە؟ بەڵام چونکە ئەو کاتە تۆزێك ڕەواجت مابو لە یەکێتیدا و معاشەکەو ئیمتیازاتەکەی پەرلەمانیش چەور بو نقەوفزەت لێوە نەدەهات. دواتر باسی سەربەخۆیی وسەروەری یاسا دەکەیت، منیش کە ئەم دێرەتم خوێندەوە توشی شۆك بوم، چونکە بەچاوی خۆم بینیم لە ئۆتۆمبیلەکەت دابەزیت و پۆلیسی هاتوچۆکەی فلکەی بەر ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کاتت دایە بەرشەق وشەقازلە لەبەر ئەوەی نەیناسیت و ڕێگەی پێنەدای بڕۆی، هەروەك خۆشت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن وتت خۆت و توتکەکانت و لیوای تایبەتی پارێزگار هیچ یاسایەك ما پێشێلی نەکەن، چیت بەعەرەبانچیەکان نەکرد، تاریقە ڕەشی حیمایەت بەفەرمانی تۆ چی نەکرد، ئەو تاریقە زەمانی بەعس من وگەنجەکانی هاوڕێم لە سەرسەدەکەو ئازادی ودارۆغا شەو تابەیانی لەترسی ئەو خەومان لێنەدەکەوت، چونکە قوە تەواری بوو، ئێستاش لە بەرهەمی گەندەڵی تۆ موقەدەمی ئاسایشە، باشە تۆ کەریفۆرم خوازی ئەمانەت بۆ ئەکردو بۆ قبوڵت ئەکرد، گەر دیموکراسیشی بۆ بەهادیینە سورت هاندا ئاربیجی بنێ بەرەسمی مەلا مستەفاوە؟ ئەو سەردەمەی لێپرسراوبویت ودەسەڵاتت هەبوو بۆ یاسات ئەبەزاندو پێشێلت ئەکرد، ئێستاش کە هیچ نیت و دەسەڵاتت نیە لافی ریفۆرمو یاسا لێ ئەدەیت ورەخنە لە عەقڵیەتی حیزب وحکومەت و میلشیا ئەگریت، هەر خۆشت بەرهەمهێنەری یەکەم میلشیا و لیوای تایبەت وپاڵەوانی شەڕی ناوخۆیت، لەبیرت چۆتەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن خۆتت عەرز ئەکردو وتت: ماڵو مناڵەکەم بەقسەم ناکەن و لەسوید نایەنەوە، پێم ناڵێی تۆ کۆنترۆلی ماڵی خۆتت پێنەکرێ ومناڵەکانی خۆت بەقسەت نەکەن ریفۆرمی چۆن وچی لە یەکێتیا ئەکەیت؟ ئەم هەڵوێست و قسانەت دوای پەراوێز خستن و شکست هێنانتە لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا بە هۆی گەندەڵیەکانتەوە، خوارەحمی کرد لەگۆرانی وتنیشدا شکستت هێنا ئەگینا ئێستا داوات لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ئەکرد سی دیت بۆ بڵاوبکاتەوە.

ئێستاش بەم ئاخرو ئۆخریەو دوای شکست هێنانت لەسەرجەم بوارەکاندا لەدواجاردا دەتەوێت ببیتە ڕۆژنامەنوس، گەر ڕاست ئەکەیت وریفۆرم خوازی، فەرمو یەکەم هەنگاو لەخۆتەوە دەستپێبکەو باسی تاوانەکانی شەڕی ناوخۆو براکوژیت بکەو باس لەو معاشەو نەسریەیە بکە کەلە پەرلەمانە درۆینەکە وەرتدەگرت و سەرمایەی ئێرەو سویدو ژمارەی سەیارەو کۆمپانیاو بیناکانت بەخەڵك بڵێ، دواجاریش داوای بەخشین لەو دایکانە بکە کەجەرگت سوتانن و ئەو مناڵانەی لەشەری ناوخۆیا باوکیانت کوشت وئەوانەش بەکوشتندان و دواجاریش باسی تڕۆکردنەکەی ناو یەکێتیمان بۆ بکە، ئینجا ببە بەرۆژنامەنوس و نوسەری سیاسی، لێشت مەعلوم بێت شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسەتی ئەمریکاو دوارۆژو چارەنوسی کوردو کوردستان بەگەندەڵی وەك تۆناکرێ.

سەرەتا سەرم سورمابو لەوەی بۆچی کاك نەوشیروان لەم هەنگاوەیدا بەپلەی یەکەم پشتی بە گەندەڵ و بودەڵەو بێمەوقیفەکان بەستووە، بەڵام ئێستا پێم وایە پلان وستراتیجی مام و کاك نەوشیروان لە ریفۆرم ئەوەیە گەندەڵەکان لەناو یەکێتی بهێنێتە دەرەوەو بە وشەوە مەشغوڵیان بکات، پاشان خۆی بکاتەوە بەناو یەکێتیدا، بەم جۆرە یەکێتی لە دزو داوێن پیس وقومارچی وگەندەڵ پاك دەێتەوەو دەبێتە ئەو یەکێتیەی ئاواتی هەمومانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.